





# Information om begravnings-verksamheten i Karlstads pastorat

## PÅ KURDISKA, SORANI

زانیاری سەبارەت بەکاروباری ناشتن

لە بەشی کارگێڕی کەشیشانی کارڵستاد

Svenska kyrkan
KARLSTADS PASTORAT

## Ansvar

Svenska kyrkan har fått uppdraget av svenska staten att vara huvudman för begravningsverksamheten. Begravningsverksamheten finansieras av begravningsavgiften som är en skatt som alla betalar. Begravningsavgiften ska bland annat täcka kostnader för skötsel av begravningsplatser, kremering och gravsättning men inte skötseln av enskilda gravplatser.

Kyrkorådet har ansvar för begravningsverksamheten och att verksamheten bedrivs enligt gällande lagar och förordningar. Verksamheten ska följa Begravningslagen, SFS 1990:1144, och Begravningsförordningen, SFS 1990:1147. Utöver det finns lokala regler för begravningsverksamheten i Karlstads pastorat.

Begravningsplatsen skall hållas i ordnat och värdigt skick och den respekt som tillkommer de dödas vilorum skall alltid iakttas.

## Kyrkogårdar och begravningsplatser

Kyrkogårdsförvaltningen i Karlstad ansvarar för 9 kyrkogårdar och begravningsplatser i pastoratet.

I Karlstads centralort finns de äldre kyrkogårdarna Västra- och Östra begravningsplatserna, Mosaiska begravningsplatsen som är en judisk begravningsplats samt Ruds kyrkogård som är den största kyrkogården där även krematoriet och begravningskapellen Korsets- och Stillhetens kapell finns. Stillhetens kapell är en lokal för begravningsceremoni utan religiösa symboler

Utanför centralorten finns Östra Fågelviks kyrkogård, Väse kyrkogård, Nyeds kyrkogård, Alsters kyrkogård och Älvsbacka kyrkogård.

## Särskilda gravplatser

Det finns särskilda gravplatser vars läge och utformning är religiöst motiverade. Inom pastoratet har vi särskilda begravningsplatser för judar på mosaiska begravningsplatsen, för muslimer på Ruds kyrkogård och Nyeds kyrkogård. En ceremoniplats placerad utomhus finns i direkt anslutning till det muslimska området på Ruds kyrkogård. På Rud kyrkogård finns även gravplatser för romer och bahai.

## Gravskick

På kyrkogårdarna finns det gravplatser för kistor, urnor, askgravlundar och minneslundar.

På askgravlund och minneslund finns ingen gravrätt.

## بەرپرسیاریتی

کلێسای سویدی لایەنی سەرەکی یەو ئەرکی کاروباری ناشتنی لە دەوڵەتی سوید وەرگرتووە. پارەی خەرجی کاروباری ناشتن باجێکە کە هەموان دەیدەن. پارەی خەرجی ناشتن بەشێکیشی دەروات بۆ ئاگاداری پاکو خاوێنی جێگای گۆڕەکە، سوتاندی تەرمەکەو ناشتن، بەلام ئاگاداری پاک کردنەوەی جێگای گۆڕە تەنهاکان ناگرێتەوە.

لیژنەی گۆڕستانەکە بەرپرسیارە لە کاروباری ناشتن و ئەو کاروبارەش بەگوێرەی یاساو دەستورەکان، وەهەروەها دەستوری SFS 1990:1144 بەڕیوە دەچێت. کاروبارەکە دەبێت بەگوێرەی یاسای ناشتن SFS 1990:1147. جگە لەمەش بڕیاری ناوچەیی بۆ کاروبای ناشتن هەیە لە نوسینگەی کەشیشی کارلستاد.

جێگای ناشتنەکە دەبێت ریکوپێک و لەبار بێت بۆ لە پێش چاوگرتنی ڕێز لە جێگای حەوانەوەی مردووەکە.

## گۆڕستان و جێگای ناشتن

کارگێری گۆڕستان لە کارلستاد بەرپرسیارە لە ٩ گۆڕستان و جێگای ناشتن لە نوسینگەی کەشیسان.

لە ناوەندی شاری کارلستادا گۆڕستانە کۆنەکانی جێگای ناشتنی ڕۆژئاواو ڕۆژهەلات، جێگاکانی ناشتنی موسایسکا کە جێگایەکی یاسایی یەو هەروەها گۆڕستانی روید هەیە کە گەورەترین گۆڕستانەو لەوێش جێگای سوتاندن و بەخۆڵەمێش کردنی تێدایەو هەروەها جێگای نوێژکردن لەسەر مردووەکەو کلیسای ستیلهیتنی تێدایە. کلیسای ستیلهیتن جێگایەکە بۆ مەراسیمی ناشتنی بەبێ سیرمونی ئایینی.

لەدەرەوەی ناوەندی شار گۆڕستانی ئوێسترا فۆگلڤیک، گۆڕستانی ڤێسە، گۆڕستانی نیێد، گۆڕستانی ئالسترو گۆڕستانی ئێلڤسباکا هەیە.

## جێگای ناشتنی تایبەت

جێگای ناشتنی تایبەت هەیە کە جێگاو شێوەکەی پەیوەندی بە ئایینەوە هەیە. لە نوسینگای کەشیشاندا جێگای تایبەتی ناشتن هەیە بۆ جووەکان لە گۆڕستانی موسایسکا، بۆ موسڵمانان لە گۆڕستانی ڕویدو نیید. جێگای ئەنجامدانی مەراسیمی بەخاک سپاردن لەدەرەوەیە لە کۆتایی ناوچەی موسڵمانەکان لە گۆڕستانی ڕوید. وەهەروەها لە گۆڕستانی ڕویدا جێگای ناشتن هەیە بۆ ڕۆمەکان و بەهائی یەکان.

## شێوەکانی گۆڕ

لە گۆڕستانەکاندا جێگای ناشتنی تابووت، گۆزەلەی خۆڵەمێش، باخچەی ناشتنی خۆڵەمێش و باخچەی ناشتنی بیرەوەری هەیە.

لە باخچەی ناشتنی خۆڵەمێش و باخچەی ناشتنی بیرەوەری مافی خاوەنداریتی گۆڕ نی یە.

## Minneslund

Minneslunden är ett gravskick med kollektiv och anonym karaktär utan gravrätt där avlidnas aska grävs ner inom ett gemensamt område. Askans läge markeras inte och det är inte tillåtet med egna gravvårdar eller planteringar.

Nedgrävning av aska utförs av kyrkogårdsförvaltningen under maj-oktober, utan närvaro av anhöriga. Askan grävs ner med hölje av lätt förgängligt material.

Kyrkogårdsförvaltningen ansvarar för vården av minneslundarna. Besökare får bidra till utsmyckning med snittblommor och ljus på anvisad plats.

## Askgravlund

Askgravlunden är ett gravskick med kollektiv och anonym karaktär utan gravrätt där den avlidnes aska grävs ner inom ett gemensamt område. Askans läge markeras inte och det är inte tillåtet med egna gravvårdar eller planteringar. Nedgrävning av aska utförs av kyrkogårdsförvaltningen och anhöriga får närvara vid gravsättning. Askan grävs ner med hölje av lätt förgängligt material. Gravsättning kan ske under hela året, men inte i alla askgravlundar. Kontakta kyrkogårdsexpeditionen för mer information kopplat till respektive askgravlund.
Kyrkogårdsförvaltningen ansvarar för vården av askgravlunden. Besökare får medverka till utsmyckning med snittblommor och ljus på anvisad plats.
Vid varje askgravlund finns en gemensam plats för inskription av namn och årtal. Sten- och metallplattan är den anhöriges egendom och sköts av den anhörige. Kyrkogårdsförvaltningen plockar bort plattan 25 år efter sista inskription på plattan. Det finns möjlighet att få ha kvar platta uppsatt efter 25 år om anhörig kontaktar kyrkogårdsförvaltningen. Förlängningen kan göras med upp till 25 år.

## Kyrkogården och begravningsplatsen

Kyrkogårdarna och begravningsplatserna är uppdelade i olika kvarter och varje grav har ett unikt nummer. Det finns olika regler för de olika kvarteren på kyrkogården. I reglerna informeras om vad som gäller för gravvården, exempelvis vilken storlek och material som den får vara i. Den beskriver tanken med utformningen av kvarteret. Reglerna för gravplatserna lämnas ut när man upplåter en ny gravplats.

## Gravsättning

Beställningen av gravsättning av urna kan göras direkt av anhöriga på telefon till kyrkogårdsexpeditionen. Beställning av gravsättning av kista görs i regel via begravningsbyrån.
En kista ska gravsättas inom en månad från dödsdatumet och en aska ska gravsättas inom ett år från kremationsdatumet.

# باخچەی ناشتنی بیرەوەری

باخچەی ناشتنی بیرەوەری گۆڕستانێکی بەکۆمەڵو نەناسراوە بەبێ هەبوونی مافی ناشتن کە خۆڵەمێشی مردووەکەی تێدا دەنێژدرێت لە ناوچەیەکی هاوبەشدا. جێگای ناشتنی خۆڵەمێشەکە دیاری ناکرێتو ڕێگا نادرێت کە مەزاری تایبەتی هەبێت و شتی لەسەر بڕوێنرێت.

ناشتنی خۆڵەمێشەکە لەلایەن کارگێڕی گۆڕستانەکەوە دەکرێت لە مانگی پێنج تاوەکو مانگی دە، بەبێ ئامادەبوونی کەسوکاری مردووەکە. خۆڵەمێشەکە بەماددەیەک دادەپۆشرێت کە بەئاسانی لەناو بچێت.

کارگێری گۆڕستانەکە بەرپرسیارە لە چاودێڕی باخچەی بیرەوەری. دیدەنیکاران دەتوانن بەشداری بکەن لە ڕازاندنەوە بە دەستە گوڵو مۆم لە جێگای تایبەتدا.

# باخچەی ناشتنی خۆڵەمێش

باخچەی ناشتنی خۆڵەمێش گۆڕستانێکی بەکۆمەڵو نەناسراوە بەبێ هەبوونی مافی ناشتن کە خۆڵەمێشی مردووەکەی تێدا دەنێژدرێت لە ناوچەیەکی هاوبەشدا. جێگای ناشتنی خۆڵەمێشەکە دیاری ناکرێتو ڕێگا نادرێت کە مەزاری تایبەتی هەبێت و شتی لەسەر بڕوێنیت. ناشتنی خۆڵەمێشەکە لەلایەن کارگێڕی گۆڕستانەکەوە دەکرێتو کەسوکاری مردووەکە دەتوانن ئامادەی ناشتنەکە بن. خۆڵەمێشەکە بەماددەیەک دادەپۆشرێت کە بەئاسانی لەناو بچێت. ناشتنەکە لە هەموو کاتێکی ساڵدا دەکرێت، بەڵام لە هەموو باخچەیەکی ناشتنی خۆڵەمێشدا ناکرێت. دەتوانیت پەیوەندی بە نوسینگەی گۆڕستانەکەوە بکەیت سەبارەت بە باخچەی ناشتنی خۆڵەمێش. کارگێری گۆڕستانەکە بەرپرسیارە لە چاودێڕی باخچەی ناشتنی خۆڵەمێش. دیدەنیکاران دەتوانن بەشداری بکەن لە ڕازاندنەوە بە دەستە گوڵو مۆم لە جێگای تایبەتدا. لە هەموو گۆڕستانێکی خۆلەمێشدا جێگایەکی هاوبەش هەیە بۆ هەڵکەندنو نوسینی ناو و ساڵ. ئەو بەردو میتاڵەی کە ناوەکەی لەسەر هەڵدەکندرێتو دەنوسرێت دەبێت بە هی کەسوکارەکەیو دەبێت ئەوان چاودێڕی بکەن. کارگێڕی گۆڕستانەکە لە دوای ٢٥ ساڵ بەسەر تێپەربوونی دوا نوسینی، ئەو تابلۆیە لا دەبات، بەڵام دەکرێت ئەو تابلۆیە هەڵنەگیرێت دوای ٢٥ ساڵ ئەگەر کەسوکاری ئەو مردووە پەیوەندی بە کارگێڕی گۆرستانەکەوە بکەن. لەوانەیە درێژ بکریتەوە تا ٢٥ ساڵی تر.

# گۆڕستانو جێگای ناشتن

گۆڕستانەکانو جێگاکانی ناشتن دابەش کراوون بەسەر ناوچەی جۆراوجۆرداو هەر گۆڕێک ژمارەیەکی تایبەتی خۆی هەیە. هەر ناوچەیەک یاسای جۆراوجۆری خۆی هەیە لە گۆڕستانەکەدا. یاساکان باسی ئەوە دەکات کە مەزارەکان چۆن بن، بۆ نموونە قەبارەکەی چەند بێتو لە چی ماددەیەک پێکهاتبێت. وە هەروەها پێناسەی بیرکردنەوەی داڕێشتنی ناوچەکە دەکات. لەکاتی مۆڵەت پێدانی جێگایەکی تازەی ناشتندا یاساکانی جێگای ناشتنیش دەدرێت.

# ناشتن

کەسوکاری مردووەکە دەتوانن ڕاستەوخۆ لە ڕێگای تەلەفۆنەوە پەیوەندی بە نوسینگەی گۆڕستانەکەوە بکەن بۆ داواکردنی ناشتنی خۆڵەمێشی مردووەکەوە. داخوازی کردنی ناشتنی تابووت بەشێوەیەکی گشتی لە ڕێگای نوسینگەکانی ناشتنەوە دەکرێت. لەماوەی مانگێکدا لە ڕۆژی مردنەکەوە دەبێت تابووت بنێژدرێت، بەڵام خۆڵەمێش لەماوەی ساڵێکدا لە ڕۆژی سوتاندنی تەرمەکەوە.

## Gravrättstid

Gravrättstiden är 25 år. Gravrättstiden kan därefter förlängas utan extra kostnad. En förfrågan kommer att skickas ut av kyrkogårdsförvaltningen efter 25 år till samtliga gravrättsinnehavare.

Gravrättstiden förlängs automatiskt med 25 år vid en ny gravsättning i graven.

## Gravrättsinnehavare

Gravrättsinnehavaren får bestämma om vem som ska gravsättas inom gravplatsen, utformningen av gravanordningen och om gravplatsens utsmyckning. Innehavaren har ansvar för att gravplatsen hålls i ordnat och värdigt skick.

## Återlämnande av gravplats

En gravrättsinnehavare kan lämna tillbaka sin gravrätt eller överlåta den till någon annan släkting.

Om gravplatsen återlämnas kan den upplåtas igen tidigast 25 år efter senaste gravsättning.

Finns det en gravvård kan den få stå kvar under förutsättning att den uppfyller säkerhetskraven, det vill säga klarar provtryckningen enligt särskild rutin för gravstenssäkerhet. Anledningen är att vi vill bevara miljön på kyrkogården. Gravplatsen kommer eller har redan bedömts ur ett kulturhistoriskt bevarandeperspektiv och om den anses vara mycket värdefull kommer kyrkogårdsförvaltningen ansvara för att den ska bevaras och sköts om för all framtid.

Det finns möjlighet att återanvända tidigare gravvård på platsen om gravplatsen upplåts på nytt.

## Befintlig gravplats

Om gravsättningen ska ske i en redan upplåten gravplats måste kyrkogårdsförvaltningen inhämta alla gravrättsinnehavares tillstånd enligt Begravningslagen om inte den avlidne själv är gravrättsinnehavare.

## Minnesblad

Minnesblad för gravsättning i minneslund eller askgravlund skrivs ut efter gravsättning och skickas till de anhöriga som skrivit under beställningen av gravsättningen.

## Gravbrev

Gravbrevet är ett bevis på innehav av gravrätt och är ett utdrag ur gravboken eller gravregistret. Gravbrevet skickas ut efter att gravrättsärendet har beslutats i kyrkorådet. Gravbrevet kan även skrivas ut på begäran av gravrättsinnehavare.

# مافی مانەوەی نێژراو

مافی مانەوەی نێژراو ٢٥ ساڵە. دواى ئەوەش دەتوانرێت ماوەکەی درێژ بکرێتەوە بە خۆڕایی. بۆ ئەم مەبەستە لەدواى تێپەربوونی ٢٥ ساڵ کارگێڕی گۆڕستانەکە پرسیار بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە خاوەن مافی گۆڕەکەن دەنێرێت. ماوەی مافی نێژراو بۆ ٢٥ ساڵی تر ئۆتۆماتیکی تازە دەکرێتەوە .کاتێک کە ناشتنێکی نوێ لە گۆڕەکەدا دەنێژدرێت

# خاوەن مافی گۆڕ

خاوەن مافی گۆڕەکە بۆی هەیە بڕیار بدات کێ لە جێگای گۆڕەکە/ لەناو گۆڕەکەدا بنێژرێت. شێوەی کێلەکە چۆن بێتو هەروەها مافی ڕازاندنەوەی گۆڕەکەی هەیە. خاوەن گۆڕەکە بەرپرسیارە .لە جێگای گۆڕەکەو ڕێکوپێکی و دۆخی گۆڕەکە

# گەڕاندنەوەی جێگای گۆڕەکە

خاوەن مافی گۆڕەکە بۆی هەیە کە مافی هەبوونی گۆڕەکە بداتەوە وەیاخود جێگاکە بدات بە خزمێکی تری. ئەگەر جێگای گۆڕەگە بدرێتەوە دەتوانرێت جارێکی تر وەربگیرێتەوە بەڵام بەلای کەمەوە دەبێت ٢٥ ساڵ بەسەر دوا نێژراوەکەدا تێپەڕ بوویێت. ئەگەر کیلی لەسەر بێت دەکریت کە بمێنێتەوە بەڵام دەبێت مەرجەکانی دڵنیایی تێدا بێت، ئەمەش ئەوە دەگەیێنت کە دەبێت لە تاقیکردنەوە دەرچێتو بەگوێرەی ڕۆتینە تایبەتەکانی مەرجەکانی دڵنیایی بێت. لەبەر ئەوەی دەمانەوێت کە ژینگەی گۆرستانەکە بپارێزین. هەڵسنگاندن دەکرێت بۆ گۆرستانەکە وەیاخود لەوانەیە لەوە بەپێش کرابێت لە ڕووانگەی پارێزگاری کولتوری مێژووی-یەوە. ئەگەر دەرکەووت کە گۆڕستانەکە زۆر بە بەهاو بەنرخە ئەوکات کارگێڕی گۆڕستانەکە بەرپرسیارە لە ئاگاداری-و چاودێریکردنی بۆ داهاتوو. دەتوانرێت کێلی .گۆڕەکە جارێکی سەر لەنوێ بەکاربهێنرێتەوە لەو جێگایەدا ئەگەر دووبارە جێگاکە بدرێتەوە

# ئەو گۆڕەی کە ئێستا هەیە

ئەگەر جارێکی تر ناشتن لەهەمان گۆڕدا بکرێت ئەوا دەبێت کارگێڕی گۆڕستانەکە هەموو مۆڵەتەکانی خاوەن مافی گۆڕەکە بهێنێت بەگوێرەی یاسای ناشتن، ئەگەر مردووەکە خۆی .خاوەن مافی گۆڕەکە نەبێت

# پەڕەی نوسراوەی یرەوەری

نوسراوەی بیرەوەری بۆ ناشتن لە باخچەی بیرەوەری وەیاخود باخچەی ناشتنی خۆڵەمێش دەنوسرێت لە دواى ناشتن-و دەنێردریت بۆ کەسوکاری مردووەکە کە ناویان هاتووە لە کاتی .داواکردنی مۆڵەتی ناشتنەکەدا

# بەڵگەنامەی گۆڕ

بەڵگەنامەی گۆڕ سەلماندنی مافی خاوەنداریتی گۆرە کە لە پەرتوکی/ تۆمارگای گۆڕەوە دەرهێنراوە. لەدواى وەرگرتنی بڕیار لەلایەن ئەنجومەنی کنیسەوە سەبارەت بە مافی ناشتن بەڵگەنامەی گۆڕ .دەنێردرێت. هەروەها دەکرێت کە بەڵگەنامەی گۆڕ بدریت لەسەر داخوازی خاوەنی مافی گۆڕەکە

## Tvist

Om de efterlevande inte kan enas om kremering eller jordbegravning alternativt att de inte är överens om vart den avlidna ska gravsättas ska kyrkogårdschefen enligt delegation medla mellan parterna. Skatteverket underrättas om att medling begärts och gravsättning eller kremering får inte ske förrän tvisten är löst.

## Vad får finnas på gravplatsen?

Hur gravplatsen får utformas och smyckas styrs av de gravvårdsföreskrifter som delades ut vid upplåtandet av gravplatsen. Är du osäker på vad som gäller för just din gravplats är du välkommen att höra av dig till kyrkogårdsexpeditionen.

## Gravvård

En gravvård är ett minnesmärke i trä, sten, metall eller annat material. Innan en gravvård sätts upp ska en ansökan göras till kyrkogårdsförvaltningen som bedömer om gravvården följer de gravvårdsföreskrifter som finns på området. Monteringen av gravvården ska ske enligt Centrala Gravvårdskommitténs monteringsanvisning.

Det är gravrättsinnehavaren som ansvarar för att gravvården är säker och inte riskerar att falla och skada besökare eller medarbetare på kyrkogårdsförvaltningen. I ett led att kontrollera gravvårdarnas säkerhet, provtrycker kyrkogårdsförvaltningen gravvårdarna kontinuerligt. Arbetet utförs i enlighet med instruktionerna från Centrala Gravvårdskommittén.

## Gravlyktor och ljus

Gravlyktor och ljushållare får placeras på gravplatsen. I samband med vårstädningen i april, bör de tas bort för att underlätta skötseln. Det är inte tillåtet att tända levande ljus på kyrkogården under perioden april-september med anledning av brandrisken.

## Föremål på graven

Lösa föremål, såsom kransar, snäckor, stenar eller liknande måste placeras skyddat i rabatt eller inom gravramen för att förhindra olyckor vid trimning av gräs. Tänk på att inte lägga föremål bakom gravstenen eftersom de utgör ett hinder vid trimning av gräs eller klippning av häck. Föremålet kan innebära en arbetsmiljörisk för våra medarbetare.

# ناكۆكی

ئەگەر كەسوكاری بەجێماوی مردووەكە ڕێكنەكەووتن لەسەر سوتاندنی تەرمی مردووەكە ویاخود بەخاك سپاردنی وەیاخود مردووەكە لە كوێ بنێژدرێت دەبێت بەڕێوەبەری گۆڕستانەكە بەگوێرەی ڕاوێژكردن بكەوێتە نێوانی لایەنەكانەوە. نوسینگەی باج ئاگادار دەكرێتەوە لە داوا كردنی ڕاوێژكاریو بەخاك سپاردنەكە وەیاخود تەرمە سوتاوەكە نابێت بنێژدرێت تاوەكو ناكۆكی‌یەكە چارەسەر دەكرێت.

# چی دەتوانی هەتبێت لەسەر جێگای ناشتنەكە؟

شێوەی داڕشتنی جێگای گۆڕەكەو ڕازاندنەوەی لە یاساكانی كێلی گۆڕدا هاتووەو لەكاتی وەرگرتنی جێگای ناشتنەكەدا ئەو زانیاریانە دەدرێت. ئەگەر دڵنیا نیت لەوەی كە ئەو زانیارانە چۆنە لەبارەی جێگای ناشتنەكەتەوە ئەوا دەتوانیت پەیوەندی بە نوسینگەی گۆڕستانەكەوە بكەیت.

# كێلی گۆڕ

كێلی گۆڕ هیمایەكی یادگاری‌یە دروستكراوە لە دار، میتاڵ وەیاخود لە ماددەیەكی تر. پێش دانانی كێلی گۆڕەكە دەبێت داخوازی لە كارگێڕی گۆڕستانەكە بكرێت كە هەڵسەنگاندن بۆ كێلەكە دەكات تاوەكو بزانرێت كە ئایا ئەو كێلە بە گوێرەی یاساكانی كێلی ئەو ناوچەیە. دانانی كێلی گۆڕەكە دەبێت بەگوێرەی ڕانومایەكانی كۆمیتەی ناوەندی كێلی گۆڕەكان بێت.

خاوەن مافی گۆڕەكە بەرپرسیارە لە دڵنیایی كێلەكەو كە مەترسی ئەوەی لێنەكرێت بكەوێتو دیدەنیكاران وەیاخود كارمەندانی كارگێڕی گۆڕستانەكە بریندار بكات. بۆ كۆنترۆڵی كێلی گۆڕەكانو دڵنیا بوون لە ساخیان كارگێڕی گۆرستانەكە بەبەردەوامی تاقیكردنەوەی ساخیان لەسەر دەكات. كاری تاقیكردنەوە بەگوێرەی ڕێنومایەكانی كۆمیتەی ناوەندی كێلی گۆڕەكان دەكرێت.

# چراكانی گۆڕ و مۆم

دەتوانرێت چراكانی مۆمو مۆمدان لەسەر گوڕەكان دابنرێت. باشتر وایە كە لەكاتی پاك كردنەوەی بەهاردا لە مانگی چوار لا ببرێت بۆ ئاسانكردنی پاكو خاوێن كردنەوە. ڕێگا نادرێت مۆم دابگرسێنرێت لە گۆڕستانەكەدا لە مانگی چوارەوە تاوەكو مانگی نۆ لەبەر مەترسی ئاگر كەوتنەوە.

# شتومەك لەسەر گۆڕەكە

ووردە شت، وەكو دەستە گوڵ، سەدەف، بەرد وەیاخود هاوشێوەی ئەو شتانە دەبێت لە ناو باخچۆكەی گوڵ وەیاخود لە چواچێوەی گۆڕەكەدا دابنرێت بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی ڕوودانی ڕووداو لەكاتی بڕینی چیمەندا. شتومەك لە پشت كێلی گۆڕەكەوە دامەنێ نەوەك ببیتە هۆی بەرگری لە بڕینی چیمەنەكە وەیاخود بڕینی درەختەكانا. ئەو شتانە لەوانەیە ببێتە هۆی مەترسی ژینگەی كار لەكاتێكدا كە هاوكارانمان كارەكانیان ئەنجام دەدەن.

## Växter på gravplatsen

Innan du planterar träd, buskar eller andra fleråriga växter på gravplatsen behöver du tillåtelse av kyrkogårdsförvaltningen. Det är för att växter på gravplatsen inte får påverka någon annans gravplats. Många gravrättsinnehavare planterar ettåriga växter exempelvis sommarblommor på sin gravplats. Vill du istället ha tips om alternativ på fleråriga växter, perenner som är ett mer miljövänligt alternativ kontakta oss gärna.

## Skötsel av gravplatser

Gravrättsinnehavaren har möjlighet att beställa skötsel av gravplatsen från kyrkogårdsförvaltningen eller annan entreprenör mot en kostnad om man inte själv har möjlighet att sköta den. Gravrättsinnehavaren ansvarar för att gravplatsen är i ordnat skick och att gravvården är säker. Om gravplatsen inte sköts finns det en risk för att den kan återtas på grund av vanvård.

## Vatten och vaser på kyrkogården

Vattenkannor och vaser finns att låna på kyrkogårdarna. Vattnet sätts på i maj och stängs av i oktober.

## Miljö

För oss på kyrkogårdsförvaltningen är miljöarbetet viktigt. Allt skräp som uppkommer ska källsorteras. Allt växtmaterial komposteras och återanvänds i vår verksamhet.

## Parkering och trafik

Tänk på att parkera din bil på anvisade parkeringsplatser. 3 timmar är den maximala parkeringstiden på Karlstads pastorats parkeringar. Det är inte tillåtet att köra bil inne på kyrkogårdarna om man inte har ett körtillstånd. Det finns möjlighet att få körtillstånd på Ruds kyrkogård, vid behov kontakta kyrkogårdsexpeditionen.

## Husdjur

Har du med ditt husdjur till begravningsplatsen ska det vara kopplat. Det är inte tillåtet att rasta sina husdjur på kyrkogården.

# ڕووەکــ لەسەر گۆڕەکە

پێش ئەوەی دارودرخت وەیاخود ڕووەکــ بۆ چەند ساڵێک لەسەر گۆڕەکە بچێنیت پێویستیت بەڕزامەندی کارگێڕی گۆڕستانەکە هەیە. بۆئەوەی ئەو ڕووەکانە کاریگەری نەبێت لەسەر گۆڕی خەڵکانی تر. زۆر لەو کەسانەی کە خاوەن مافی گۆڕەکەن ڕووەکی یەکــ ساڵە لە سەر گۆڕەکە دەچێنن وەکو گوڵی هاوینە. ئەگەر پێویستیت بە ڕانومایی هەیە سەبارەت بە چاندنی ڕووەکی چەند ساڵە کە دۆستی ژینگە بێت ئەوا دەتوانیت پەیوەندیمان لەگەڵدا بکەیت.

# ئاگاداریکردنی جێگای گۆڕەکان

خاوەن مافی گۆڕەکە دەتوانیت داوای ئاگاییبوونی گۆڕەکە لە کارگێڕی گۆڕستانەکە وەیاخود لەبەڵێندەرێکی تر بکات بۆ پاککردنەوەو ئاگاداریکردنی گۆڕەکە بەرانبەر بە بڕە پارەیەکــ ئەگەر خۆی پێناکرێت ئاگاداری لە گۆڕەکە بکات. خاوەن مافی گۆڕەکە بەرپرسیارە لە ڕێکوپێکی جێگای گۆڕەکەو دڵنایی کێلی گۆڕەکە. ئەگەر ئاگاداری جێگای گۆڕەکە نەکرێت ئەوا مەترسی ئەوە دەبێت کە گۆڕەکە وەربگیرێتەوە بەهۆی ئاگاداری لێ نەکردنی.

# ئاوو گوڵدان لە گۆڕستانەکە

دەتوانیت مەسینەی ئاوو گوڵدان لە کارگێڕی گۆڕستانەکە قەرز بکەیت. ئاوەکە لە مانگی پێنجەوە کراوەیەو لە مانگی دە دەبسترێت.

# ژینگە

ژینگەی کارکردن بۆ ئێمە لە کارگێڕی گۆڕستانەکە گرنگە. هەموو خۆڵو خاشاکێک دەبێت لەیەکتر جودا بکرێتەوە. هەموو ماددەیەکی ڕووەکەکان دەکرێن بە خۆڵو پەیین و دووبارە کەڵکی لێ وەردەگیرێتەوە بۆ ئیشو کارەکانمان.

# پارکینگو ترافیک

ئۆتۆمۆبیلەکەت لە پارکینگی تایبەتی ڕاگرە. درێژترین ماوەی ڕاگرتنی ئۆتۆمۆبیل ٣ کاتژمێرە لە نوسینگەی کەشیشی کارلستاد. ڕێگا پێدراو نی یە کە ئۆتۆمۆبیل لە ناو گۆڕستانەکەدا لێخوڕیت لە ئەگەر مۆڵەتی لێخوڕینت پێ نەدرابێت. دەکرێت مۆڵەتی لێخوڕین بۆ گۆڕستانی ڕۆد وەرگریت، پەیوەندی بە نوسینگەی گۆڕستانەکەوە بکە بۆ ئەم مەبەستە.

# ئاژەڵی ماڵی

ئەگەر ئاژەڵەکەت لەگەڵدایە بۆ سەر گۆڕستان دەبێت بەستراوە بێت. ڕێگا نادرێت ئاژەڵی ماڵی لەناو گۆڕستانەکەدا بێتوبڕوات / پیسایی بکات.

## Frågor

Har du några frågor är du välkommen att kontakta Kyrkogårdsexpeditionen via mail: karlstad.kyrkogarden@svenskakyrkan.se eller på telefon 054-141660.
Du finner mer information på vår hemsida: www.svenskakyrkan.se/karlstadspastorat/kyrkogarden

## پرسیار

ئەگەر هەر پرسیارێکت هەیە دەتوانیت لە ڕێگای ئیمەیلەوە پەیوەندی بە نوسینگەی گۆڕستانەوەکە بکەیت:

Karlstad.kyrkogarden@svenskakyrkan.se

وەیاخود لەڕێاگی تەلەفۆن 054-141660.

زانیاری زیاترت دەستدەکەوێت لە ماڵپەڕەکەمان:

www.svenskakyrkan.se/karlstadspastorat/kyrkogarden